# دەنگمان بەئێوە نەداوە گەندەڵچییەکانی حکومەت

**سامان کەریم – کوردستان - کفری**

بەپێچەوانەی ئەوەی, کە ڕۆژانە لەناو بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان و تەنانەت هەندێجار لەناو خودی دەزگاکانی حکومەتیشدا خەڵکی ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرێت, سکاڵای نادادپەروەریی هەیە, گللەیی بوونی گەندەڵی لەئیداراتدا دەکرێت و خەڵك دادو بێدادی بێسەروبەرییەکان, بڕیارە نابەجێکان, مەسئولە نامەسئولەکانی دەوڵەتێتی, بەڵام هەر ئەو خەڵکانەش لەپێش ژن و منداڵ و کەسوکاری مەسئولە گەندەڵچییەکانەوە چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و دەنگیان بەلیستی (730)دا, ناوچە پەراوێزخراوەکان و بێخزمەتگوزارییەکان لەپێش ناوچەو شارە خواپێداوەکانەوە دەنگیان دا.

خەڵك ئێستاش ڕەخنەی هەیە, ئێستاش دنیایەك قسەی لەسەر گەندەڵییەکانی گەندەڵچییەکانی تۆ هەیە ئەی حکومەت, ئەی حیزب؛ بەڵام خەڵك هۆشیارە.. دەزانێت ئەو دەنگەی داویەتی بۆ ئێوەی خراپەکار نییە ئەی ئەوانەی خەڵکتان بیرچووەتەوەو (کورسی و مێزو گیرفان) سێ کوچکەی دروشمی ژیان و خەباتتانە.. ئێمە دەنگمان دا بۆئەوەی مێژووی خوێناویمان لەگەڵ بەعسدا دووبارە نەبێتەوە, دەنگمان دا بۆئەوەی ئەنفال نەکرێینەوە, بۆئەوەی ژەهر باران نەکرێینەوە, بۆئەوەی گوندەکانمان نەڕووخێنرێنەوەو وڵاتمان کاول نەکرێتەوە, بەڵام دڵنیاش بن؛ لێناگەڕێین ئێوەی گەندەڵکار بیرو هزرمان ئەنفالکەن, قەڵەممان ژەهراویکەن, هۆشی نەوەکانمان بڕووخێنن و بونیادی کەسێتیان کاولکەن.. چونکە ئێمە دەنگمان بەچارەنووسمان داوە, نەك بەئێوە ئەی گەندەڵچییەکان, لەوەش دڵنیاتان دەکەینەوە, کە دەبێ هەر بخرێنە بەردەم دادگاو بڕیاری گەل, دەبێ یاس سەروەر بکرێتەوە لەکوردستانداو ئەوجا دەستەودایەرەی پۆخڵەواتتان بکرێتە هەگبەیەکەوەو هەر بەکۆڵتانەوە بێت و شار بەدەر بکرێن.. ئاخر شەهیدەکانی ئێمە خۆیان بۆ خۆشگوزەرانی ئێمە بەخت کرد, ئیدی چۆن دەبێ ڕێ بەئێوە بدەین ژیانی مناڵی ئەو شەهیدانە ناڕەحەت بکەن.